

گفتوگۆ

١-٢

نەجیب مەحفووز بۆ "ڕەجا ئەلنەقاش" دەدوێت:

# دەسەڵاتی ئەدەب بەرزترین و ناسکترین و شەریفترین دەسەڵاتە، لە دەسەڵاتی ئیداریش بەهێزترە

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

لەبەرئەوەی زاناکانی ئەزهەر لە ژیانیاندا ڕۆمانێکیان نەخوێندبووەوە، بۆیە زوو هەڵخەڵەتان

## مەحفووز و حکوومەت

نەجیب مەحفووز لە سەردەمی جەمال عەبدولناسرو ئەنوەر سادات نەگیراوە و راونراوە، کێشەی سیاسی لەگەڵ حکوومەتدا نەبوو، ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو رەخنەی لە حکوومەت نەگرتووە، بۆچوونی جیاوازی لەگەڵ سیاسەتەکەیان نەبووە. ئەو بێ پەردە و بەئاشکرا، لە ناو دەقی رۆمانەکانیدا کەموکورییەکان و دیمەنە ناشیرینەکانی کۆمەڵگەی میسریی، لە سەردەمی ئەو دوو سەرۆکدا دەرخستووە و توانجی تیژیشی هەبووە، لەو بوارەشدا دریغی نەکردووە، پەردەی لەسەر زۆر دیاردە لاداوە، ناوی هێناوە و راستی وتووە، خۆشی وتوویەتی:

راستە من نەگیراوم، بەڵام لەناو هەنگوینیشدا نەنووستم، منیش زۆرجار ئازادیم پێشێل کراوە، کەسایەتیم لەکەدار کراوە، تەنگیان پێ هەڵچنیوم.

نەجیب مەحفووز تەنیا بۆ رەجا ئەلنەقاش ئامادەیە بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ حکوومەت بگێڕێتەوە، باسی ئەو رۆژە رەشانە بکات، کە گێچەڵیان پێی کردووە، بەتایبەتی کە رۆمانەکانی "ثرثرة فوق النيل و اولاد حارتنا و ميرامار"ی بڵاو کردووەتەوە.

بەو شێوەیە لە دیمانەکەدا چەندین لایەنی ژیانی خۆی باس کردووە. ئەو وتوویەتی:

کە بەیانە بەناوبانگەکەمان لەگەڵ چەند نووسەر و رۆژنامەنووسێک ئیمزا کرد، پێش شەڕەکەی ئوکتۆبەر بوو، داواکاربووین ئەنوەر سادات کۆتایی بەو حاڵەتە نە ئاشتییە نە شەڕە بهێنێت. ئێمە بۆ دەرچوونی ئەو بەیانە سێ دانیشتنمان کردبوو، لەوێ وتبووم "انا مش بتاع السلطة" واتە من و نزیکبوونەوە لە دەسەڵاتیان نەوتووە ..!! من هەرگیز چاوم لە خێر و دەستکەوتی حکوومەت نەبووە، چونکە زەحمەتە و ناکرێ چاوم لە حکوومەت و دەسەڵات بێ، هەمان کاتیش ئیش لە ئەدەب بکەم، ئەدەب و حکوومەت دوو شتی زۆر لەیەک دوورن، ئاراستەیان جیاوازە، ئەو نووسەرو ئەدیبانەی کار دەکەن و قەڵەمەکانیان خۆشدەوێت، ئەوانەی کەسی شەریفن، باشترە لە حکوومەت و خۆشیەکان و کێشەکان و پێوەندییەکانی خۆیان دوور راگرن، من ساڵ و نیوێک لە دامەزراوی سینەما کارم کرد، ئەو ماوەیە بواری خوێندنەوەی یەک کتێبیشم نەبوو، بۆم نەگونجا یەک رستەش بنووسم، کاتم هەموو بۆ وەزیفە و کێشەکانی رۆژانە تەرخان کردبوو، دیارە کەوا وەزیفە کار لە بەهرە سەرەکییەکەت دەکات، من بە هیچ شێوەیەک ئامانج و هیوام دەسەڵات نەبووە، ئەوە لەگەڵ ئارەزوو و زەوقم نەدەگونجا، من تەنها خەونم بە دەسەڵاتی نووسین و هونەر بینیوە، نەک



دەسـەڵاتی ئیداری. ئەدەب دەسـەڵاتێکی کـاریگەرو باشـە، ئەگـەر بەشێوەیەکی پیرۆز بەکار بێت. ئەدیب دەسـەڵاتێکی بەهێزی لەسـەر هێزو دەسـەڵات و نارەزایی هەیە، دەتوانێ کاریگەری لەسـەر رای گشتی بنوێنێت، بەتایبەتی ئەگـەر کـارەکـانی لە بوارەکـانی سینەماو شانۆ و تەلەڤزیۆن بەکار هات.

هەر دەڵێمـەوە دەسـەڵاتی ئەدەب بەرزترین و ناسکترین و شەریفترین دەسـەڵاتە، لە دەسـەڵاتی ئیداریش بەهێزترە. حەزیش دەکەم ئەوە بڵێم، ئەوە بۆچوونی تایبەتی خۆمە، من وا تەماشای مەسەلەکە دەکەم، حەزیش ناکەم ئەو بۆچوونەی خۆم بەسـەر کەسدا بچەسپێنم، بە عەیب و شوورەییشی نازانم ئەگەر ئەدیبان لە سیاسەت کار بکەن. با چاویشی لە دەسـەڵات و حکوومـەتیش بێت، رەنگە ئەو لە رێگەی دەسـەڵاتەوە لە ئەدەب زۆرتر خزمەت بە کۆمەڵەکەی بکات، کەسانی وا هەن، ئەوەی بەسیاسـەت و دەسـەڵات لە بواری گەشەپێدان و خزمەتەوە دەیکەن، بە ئەدەبەکەیان، بە نووسین و بە رۆمان ئەوەیان پێ ناکرێت، زۆرن ئەوانەی خزمـەتی زۆریـان

بەحکوومـەت و بە کـۆمـەڵ و ژیانی ڕۆشـنبـیـری خـەڵک کـردووە، لەو بوارەدا گـەیشـتـوونەتە پایەی بەرزیش لە دەسـەڵاتا. دکتۆر تەها حوسێن نەیدەتوانی بەرنامەی "فێربوون وەک ئاو و هەوا" کەی بە ئەدەب جێبەجێ بکات، بە ئەدەب ئەو کارە بە ڕێکوپێکی بەو نەدەکرا، گەر لە دەسەڵات و حوکم نەبووایە، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٢ وەزیری مەعاریفی میسر بوو. تۆفیق ئەلحەکیم یەکێکە لەو ئەدیبە دەگمەنانەی ئەویش لەگەڵ بۆچوونەکەی منە. من دەڵێم دەسـەڵاتی ئەدەب پیرۆزترە لە دەسەلاتی حکوومەت و ئیدارە. ئەو لە دادگای گشتی وەزیفەکەی وەکیل بوو وازی لەو پۆسـتە هێنا، ئەو وەزیفەیە گاڵتە نییە. ئەدەب دەسـەڵات و پایەیەکی بەرزی هەیە، بۆیە ئەو بۆ دەسەڵاتی ئەدەب وازی لە دەسەڵاتی تر هێنا.

## سـەردەمی حیزبی ئەلوەفد

من بۆ ئەدەب لە سیاسەت دوور کەوتمەوە، پێش و پاش شۆڕشیش نەبوومە ئەندامی هیچ حیزبێ، یان نەبوومە ئەندامی ڕێکخراوێکی سیاسی، من دۆستی حیزبی ئەلوەفد بووم، عاشقی ئەو حیزبە بووم، بەقەد سەرکردەکانی ئەو حیزبە بۆ حیزبەکە دڵسۆز بووم، لە هەمـوو هەڵبـژاردنەکـانی پەرلەمـاندا دەنگم بۆ ئەو حـیـزبە داوە، کـە گـەنج بـووم لە خۆپیشاندانەکانی ئەو حیزبە بەشدار دەبووم، بەردەوام دەنگم بۆ فراوانبوون و سەرکەوتنی ئەو حیزبە داوە، بەڵام نەبوومەتە ئەندامی ئەو حیزبە، برادەرایەتیشم نەکردن، هەردوو نووسەری حیزبی ئەلوەفد "محەمەد مەندور و عەزیز فەهمی" م لە ڕێگەی ئەدەبەوە ناسی، من ئەوانەم لە ناو کاروباری حیزبدا نەناسیبوو. خۆشەویستیم بۆ حیزبی ئەلوەفد لەبەر هۆکاری خزمایەتی نەبوو، بەڵکو من ئەوانە لەبەر خاتری شەقاما ویستووە. لە ساڵی ١٩١٩ تەمەنم ٧ ساڵان بوو، بیرم لە خۆپیشاندانەکان دەکردەوە، من بەچاوی خۆم بینیم کە چۆن گەنجەکان لەو خۆپیشاندانانە سینگیان دەدرایە بەر گوللەی ئینگلیز، پەلەواژ دەبوونەوە، لە ناو ئاگردا ناوی "سەعد زەغلول" یان دەوتەوە، لەو ڕۆژانەوە خۆشەویستیم بۆ ئەو لاوانە لا دروست بوو، هاوسۆزیان بووم، بەرنامە و سەرکردەکەیان سەعد زەغلولم پەسەند کرد، لەوێ بۆم روون بووەوە کـەوا ژیان ڕاسـتـەڕێ نابێ بێ بەرنامـەی حـیـزبی ئەلوەفـد و سەرکردەکەیان سەعد زەغلول، ئەوم زۆر خۆشدەویست، ڕووبەڕووش نەمدیبوو. لە ساڵی ١٩٤٢ بەشداری ئەو خۆپیشاندانەم کرد کە سەعد زەغلول چووە لای مەلیک "فوئاد"، کە ناکۆکییان هەبوو، دەیویست ئیستیقالە بکات،

"ناکۆکییەکانی مەلیک فوئادو سەعد زەغلول لەسەر ئەوە بوو، مەلیک دەیویست خۆی

ئەندامانی چڤاتی پیران دامەزرێنێت، بەڵام زەغلول سووربوو لەسەر ئەوەی ئەوەیان کاری وەزارەتە، دەبێ ئەو کارە لەلایەن ئەوەوە بێت، ئەوەیان کار و دەسەڵاتی مەلیک نییە، بە سووربوونی سەعد زەغلول و تەوژمی لێشاوەکەی خۆپیشاندەرەکان، مەلیک لە پێشنیارەکەی خۆی پەشیمان بووەوە، بەوەش دەست لە کارکێشانەوەکەی سەعد زەغلولیش نەکرا".

ئەو ساڵە سەعد زەغلول سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ بوو، جەماوەر دەیانزانی ئەو لەو رۆژە لە کۆشکی عابدین دیداری لەگەڵ مەلیک هەیە، منیش وەک ئەو هەزارەها کەسە چووینە پێش کۆشکی عابدین، چاوەڕوانی هاتنی ئوتومبێلەکەی ئەو بووین، هاوارمان دەکرد، یان سەعد یان شۆڕش. . بەدەرکەوتنی ئوتومبێلەکەی سەعد زەغلول جەماوەرەکە وەک لافاو بەڕووی هاتن، لەو نزیک دەبوونەوە، بەداخەوە ئەو کە هات و کە گەڕایەوەش من بۆم نەکرا لەو نزیک بکەومەوە، ئەو فرسەتەم، لە کیس چوو، ئەو جارە نەمبینی، بۆیە هەر نەمدیت.

هەر لە بەر پیرۆزی ئەدەب بوو، تا ساڵی ١٩٤٦ بیرم لە ژنهێنانیش نەدەکردەوە، زۆر لە برادەران وایاندەزانی، ئەگەر من پرۆسەی هاوسەرگیری پێکەوە بنێم، کە بوومە خاوەن ژن و منداڵ، دەستم لەسەر ئەدەب شل دەبێت، سارد دەبمەوە، کەمتر لە کێشە و گرفتەکانی ناو کۆمەڵ نزیک دەکەومەوە، هەر ئەوانەش وایاندەزانی ئەگەر من بوومە خاوەن ماڵ و بەرپرسیاریەتی ئەوانم هاتە سەرشان، من چیتر بەگژ حکومەت و دەسەڵات ناچمەوە، لە بازنە ترسناکەکان دوور دەکەومەوە، بەڵام! مەزندەکان وا دەرنەچوون، نووسینەکانم توند تر بوون، زەقترو ئاشکراتر دەمنووسی، دیارە ئەوەشیان لەبەر ئەوەبوو، من کە دەستم دایە قەڵەم، هەموو شتێکم لەبیر دەچێتەوە، لە کاتی نووسیندا ترس و لێپرسراویەتی منداڵ و خێزان و خۆشییەکانی ژیان و خۆشیشم لەبیر دەچێتەوە.! باشە من بۆچی بترسم، من رەخنەی مەوزووعی دەنووسم، من بۆ بنیات دەنووسم. کەسیش گومانی شتی ترم لێ ناکات، هەست بە پەشیمانیش ناکەم. بەرنامە و سەرکردایەتی شۆڕشی یولیۆی ساڵی ١٩٥٣ ئەوە چاک دەزانن من دژیان نیم، من هاوسۆزی بڕیارو هەنگاوەکانی ئەوانم، من هەڤاڵ و هاوکاریان بووم، بڕیارەکانی وەک "خۆماڵیکردنی کەنداوی سویس، بەخۆڕاییکردنی خوێندن، یەکێتی لەگەڵ سوریا، شەڕی وڵاتی یەمەن"، من دژی رژێم نەبوومە، کەسیش لە ناو کەسایەتییەکانی ناو رژێمەکە دژی من نەبووە، لەگەڵ یوسف ئەلسباعی لە یانەی چیرۆکدا کارم کردووە، ئەلسباعی پیاوێکی دەسەڵاتداری ئەو رژێمە نوێیە بوو، من لەگەڵ رۆژنامەنووسانی ئەلئەهرام و محەمەد حەسەنێن هەیکەل کارم

کردووه، ئەویش لە هەموو نووسەرو ژورنالیستەکان زۆرتر لە جەمال عەبدولناسر نزیک بوو، دەنگی هەڵوێستەکانی ئەو بوو، لە سەردەمی شۆڕشیش خەڵاتی دەوڵەتم بۆ ئەدەب لە ساڵی ١٩٥٧ وەرگرت، خەڵاتەکەم لە دەستی خودی سەرۆک جەمال عەبدولناسر وەرگرتووە.

## هەڕەشەکانی عەبدولحەکیم عامر

کە رەخنەم لە شۆڕشی یولیۆ دەگرت، راستەوخۆ مەبەستم رژێمەکە نەبوو، من دەموت لە ناو رژێمەکە دیموکراسییەت نییە، ئەوەش مانای ئەوە نەبوو دیموکراسییەت قەدەغە و حەرام بووبێت، دەمزانی بناغەی شۆڕشەکە لەسەر دیموکراسی دامەزراوە، من بانگەوازم بۆ چەسپاندنی دیموکراسییەکە بوو. رۆماننووس "سەروەت ئەبازە" بێ پەردە رەخنەی دەگرت، لە رۆمانی "شيء من الخوف" دا بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوەی دەکرد، ئەو گرێبەستەی لە نێوان میسرو رژێمەکە هەیە، شەرعی نییە ..!! بە گرێبەستێکی پووچ و بەتاڵی دەزانی. ئەوەش مانای ئەوە نییە منیش لەو ئاقارەدا بێدەنگ بووم، یان لە ناو هەنگویندا خەوم لێ کەوتبوو، مەترسیشم لەسەر نەبووە، پەلارو توانجم ئاراستە نەکراوە، چەندین جار دەکەوتمە سەر رۆخی رووخان و هەرەس..!

جارێک لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆکێک لە رۆژنامەی ئەلئەهرام بەناوی (سائق القطار) تووش بووم، لە نێو رۆشنبیران و خوێنەرانیش بووە چرپەچرپ، کەوا من مەبەستم جەمال عەبدولناسرە. چیرۆکەکە لە شوفێرێک دەدوا کە سووکانەکەی لەدەست دەردەچێ، ئەوەش کارەساتێکی جەرگبڕی لێ دەکەوێتەوە، هەموو لایەک وایان شرۆڤە کرد، کەوا من پەنجەم بۆ جەمال عەبدولناسر راکێشاوە، کەوا سەرکردایەتی ئەو، میللەتی میسر بەرەو هەڵدێر دەبات، تووشی کارەساتیان دەکات ..!!؟ ئەوە وترا، نۆرەی بیرکردنەوە هات، دەبێ چارەنووسم بگاتە کوێ، مەسەلەکە بڵاو بووەوە، بە تەلەفۆن و بە سەردانی تایبەتی منیان زۆر ترساند، وەزعەکەم شێلویی پێوە دیار بوو، هەموولایەک وتیان ئەوەیان بۆنی گرتن و زیندانی لەنێوچەوانەوە پێوە دیارە.

هاوڕێم محەمەد عەفیفی درەنگانی شەوێک و بێ ژوان، لەناکاو تەلەفۆنی بۆ کردم و ویستی دڵنیا بێت، کەوا هێشتا من نەگیراوم، دەیویست بزانێت، هێشتا من لە ماڵەوەم، لە ناو منداڵەکانم، ئەوان وایان دەزانی بەڕاستی ژیانم لە مەترسیدایە. بەرپرسی نووسینی کۆواری "الثقافة" ی ئەو سەردەمە "محەمەد فەرید ئەبو حەدید"، گەرچی یەکترمان نەدەناسی، ئەو منی لەو گێژاوە رزگار کردبوو. ئەو رەخنەیەکی لەسەر چیرۆکەکە نووسی،

ئەو ئاماژەی بەوە دابوو، کەوا منی چیرۆکنووس مەبەستم دوو جەمسەرەکەی دنیای سیاسەتە، جەمسەری سۆڤیەت و جەمسەری ئەمریکا. هەردوو لا بەیەکەوە ئەو جیهانە بەرەو هەڵدێرو مەترسی دەئاژوون، وەک شوفێری ترێنێک، کە سووکانەکەی لە دەست نەماوە، کە وتارەکە بڵاو کرایەوە سوپاسی خودام کرد، منی لەو گرفتە رزگار کرد، ترسم نەما، ئیسراحەتم کرد، نووسینەکەی ئەو کۆڵێکی گرانی لەسەر سینگم هەڵگرت، بۆیە بێ بیرکردنەوە و لە خۆشیان دەستم دایە تەلەفۆنەکەم قسەم لەگەڵ کرد، بەگەرمییەوە سوپاس و پێزانینی خۆمم پێ راگەیاند.

تەنگژەی دووەم کە رووبەرووم هاتەوە، پاش دەرچوونی رۆمانی (ثرثرة فوق النيل) بوو، ئەلموشیر عەبدولحەکیم عامر زۆر لێم تووڕە بوو، هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەیەکی بۆ ناردبووم، وتبووی دەبێ سزای بدەم. لە رۆمانەکەمدا رەخنەیەکی توندم گرتبوو، زۆریش کەموکوڕییەکانی ناو کۆمەڵم دەرخستبوو، بۆیان گێڕامەوە کە عەبدولحەکیم وتبووی:

نەجیب مەحفووز نووسینەکانی زەقتر کردووە، لە تام دەرچووە، دەبێ دەرس بدرێت، لەو شوێنەی خۆی راگیرێت.

کە وتبووی دەرس بدرێت، ئەوانەی لەو سەردەمەدا ژیا بوون، دەیانزانی ئەو قسەیە مانای چییە..!

بەتایبەتی ئەگەر قسەکەش لەلایەن ئەلموشیر عەبدولحەکیمەوە دەرچووبێت، ئەلموشیر نێوانی لەگەڵ حازم ئەلنەهری کوڕی خوشکم خۆش بوو، لە قوتابخانە لە یەک پۆلی خوێندندا بووبوون، زۆریش لە ماڵی خوشکم ماوەتەوە، ماڵی ئەوانی بە ماڵی خۆیان زانیبوو، بە خوشکمی دەوت (طنطة)، پاش شۆڕشی یولیۆ لە ساڵی ١٩٥٢ کە کوڕی خوشکم ژنی هێنابوو، بۆ ئاهەنگەکەی هاتبوو، لەگەڵ خۆی "سادات" یشی هێنابوو، ئەوەیان پێش بڵاوبوونەوەی رۆمانەکەم بوو، بۆیان گێڕامەوە، کەوا لە ئاهەنگەکە لە منی پرسیبوو، ئەوانیش پێیان وتبوو، کە مارەبڕینەکە تەواو بوو رۆیشت، چیتر نەمایەوە، من لە هەموو ئاهەنگێکی ژنگواستنەوەدا، کە مارەبڕینەکە تەواو دەبوو دەچوومەوە، بۆ ئاهەنگەکە نەدەمامەوە، چونکە من زۆر کەیفم بە ئاپوورەی خەڵکەکە نەدەهات، بە قەرەباڵغی تەنگاو دەبووم.

جارێکیان وتارێکم لە رۆژنامەی "الجمهورية" بڵاو کردبووەوە، لە وتارەکەمدا نووسیبووم، با چیتر لە نێوان دوو جەمسەری سۆسیالیستی و سەرمایەداری گەمە نەکەین، با خۆمان

له نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا ساغ بکەینەوە، بەو شێوەیە خۆمان دەرباز بکەین، ئەگەر ئارەزوومان لە بەرنامەی ئابووری سۆسیالیستییە، با بچینە ناو کۆمیکون، واتە بازاڕی هاوبەشی وڵاتە سۆسیالیستەکان، کە مەڵبەندەکەی لە مۆسکۆ، لە ساڵی ١٩٤٩ دامەزرابوو، ناوی کۆمەڵەی بازاڕی سووریشیان پێ دەوت. ئەگەر ئێمە خۆمان لەسەر لایەنەک ساغ بکەینەوە خێر دەداتەوە، من وای بۆ دەچم، ئەوەیان باشترە لە گەمەکردن و مانەوە لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی بێلایەن و سەرمایەداری خۆرئاوا، هەر هیچ نەبێ پریشکی شەڕمان بەرناکەوێت، ئەگەر شەڕی سێیەمی جیهانیش قەوما. کە وتارەکەم بڵاو کرایەوە ئەلموشیر ویستبووی من ببینێت، تا لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆ بکەین، دەرکەوت ئەو دژی بۆچوونەکەی من بوو، وای تێگەیشتبوو ئەوەیان زیانی مەزن بە وڵاتی میسر دەگەیەنێ.

کە سەروەت عەکاشە بۆ پیرۆزکردنی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبل هاتبووە لام، بۆی گێڕامەوە، گوایە لە پاشملە لەناو حکوومەت، لە پەنا و پەسیوەکان پاش دەرچوونی ڕۆمانەکە باسی منیان کردووە، ئەو دەمانە عەکاشە وەزیری ڕۆشنبیری بوو، بە نیاز بوو بەسەرردان بچێتە ئیتالیا، پێش سەفەرەکەی سەرێکی لە جەمال عەبدولناسر دابوو، لەو دیمانەدا سەرۆک پێی وتبوو، ئەگەر ڕۆمانەکەی "نەجیب مەحفووز"ت خوێندووەتەوە، ڕای خۆتم پێ بڵێ، ئەگەر نەتخوێندووەتەوە بیخوێنەوە، پاشان ڕای خۆتم پێ بڵێ، بزانم تۆ لەسەر ڕۆمانەکە چیت لا گەڵاڵە دەبێت. بۆی گێڕامەوە کە ڕۆمانەکەم خوێندەوە گەڕامەوە لای و پێم وت: سەرۆک ڕۆمانەکەم خوێندەوە، ناوەڕۆکەکەی ڕەخنەیەو لە هەڵەو چەواشەکانی ڕۆژانە گیراوە، ئەو نیازی پاکە، مەبەستی سەرەکیی ئەوەیە چاکسازی بکرێت، بۆیە بەو هەناسەیە دەنووسێت. پێویستە ئەدەب ئازاد بێ، ئازادی ئەدەب و ڕادەربڕین سیمای شارستانی و پێشکەوتن بە حکوومەتەکە دەدات. با ئەو دەروازەیە هەبێت، بە نەبوونی ئازادی ئەدەب دەمرێت.

بە قسەکانی عەکاشە، سەرۆک ساردبووبووەوە، پێی وتبوو، گلەییەکەمان تەواو، وا حیساب بکات هیچ نەبووە، پاش ئەو دیمانەیە ئەلحەکیم وازی لە من هێنابوو. ئەوەی من زۆرم لا سەیر بوو، ئەو پیاوە کە هەڕەشەو گەفی لە من دەکرد، هیچ ڕەچاوی ئەوەی نەدەکرد، ئەو لەگەڵ خوارزاکەم وەک برا وا بوون، ڕەچاوی هیچی نەکردبوو، لەگەڵ کوڕە خوشکەکەم بەیەکەوە خوێندنگای بازرگانییان تەواو کردبوو، کە شۆڕش هەڵگیرسا ئەو پشکێنەری باج بوو، کە ئەلحەکیمی هاوڕێی گەیشتە ئەو پۆستە بەرزە لە دەسەڵات، پلەی باشیشی بۆ ئەویش دادەنا. حازمی کوڕی خوشکم کە کوڕەکەی لە شەڕی ئوکتۆبەردا لە

سـاڵی ١٩٧٣ کوژرا، ئەو نەخۆشی دڵی هەبوو، کە هـەواڵەکەی بیست بەرگەی نەگرت، لە خەفەتا ئەویش مرد.

لە ڕۆژانی بڵاوبوونەوەی زەنجیرەکـانی ڕۆمـانی "اولاد حـارتنا" لە ڕۆژنامـەی ئەلئـەهرام، بەردەوام هامـوشـۆی گـازینۆی "ئۆپرا"م دەکرد، لە کـۆڕە هـەفتـانەکاندا دەمـوچـاوێکی نوێی کـیژێکم هاتە بەرچاو، پرسیم ئەو دەموچاوە کێیە، ئەو کیژە کێیـە، وەڵامیـان دامـەوە، ئەو کیژە برازای "دکتور حەسەن سـەبری ئەلخولی" یە، نوێنەری تایبـەتی سـەرۆک عـەبدولناسر. کیژەکە ڕووی خۆش بوو، بەداخـەوە ناوەکەیم لە یاد نەماوە، ڕۆژێکیان لە کۆڕێکدا ئەو کیژە هاتە تەنیشتم، بەنەرمی چرپاندییە گوێم و وتی:

من ئاگاداربووم ئوتومبێلێک پڕ لە چەکدار بەرەو ماڵەکەی تۆ دەڕۆیشتن، ئەفسـەرێک و چوار چەکدار بوون بۆ گرتنی تۆ دەچوون، من لـە نیـوەی ڕێگە بووم، کـە زانیم بۆ گـرتنی تۆ دەچن، هوشـیـارم کـردنەوە، نەچن، بۆیە ئـەوانیش گەڕانەوە. ئـەو هیـچی تری نـەوت، منیش سـۆراخـی قسـەکـەم نەکردەوە، نازانم چەندی ڕاست بوو، چەندی ڕاست نـەبوو، ئێسـتـاش نازانن هەواڵەکە ڕاست بوو، یان نا .. بەڵام کە ڕۆمـانەکە بڵاو کرایەوە، ژنەکـەم هەر پرتە و بۆڵەی بوو، هـەر دەیوت، مـاڵەکـەم چاودێری لەسـەرە، ڕۆژانەش لە ڕێگەی بازاڕدا کـەسـانی نەناسراو بە دوای شوێنم دەکەون. ئەو زۆری لەو قسانە بۆ دووبارە دەکردمەوە، بۆیە منیش لەوەیان کەوتمە گومانەوە، دوور و نزیک هەستم بە شتێکی نامۆ دەکرد.

## دیمانەم لەگەڵ جەمال عـەبدولناسردا

پاش نسکۆ (النكسة) بەڕاستی تووشی گێچەڵ دەهاتم، ئەو پێشهاتانە زووتر شتی کەم و سادە بوون، ئەو ئاژاوەیە هـەر یەخەی منی نەگرتبووەوە، هـەر من نەبووم، زۆر لە نووسـەرانی میسر لە دەست ئەو ئازارە دەیاننااڵاند، هاواریان لێ هەستابوو. لەگەڵ ئیدارەی ڕۆژنامـەی ئەلئـەهرامـدا نێـوانمان ناخـۆش بـوو، ئەوەش لەوەوە دروست بـوو، کـە سـەرنووسـەرەکـەی "مـامۆسـتـا هـەیکەل" ڕازی نـەبوو، ڕۆمـانی "المرايا"م بە زەنجیـرە بۆ بڵاو بکاتەوە، تا "تۆ" لە گۆڤاری "الاذاعة والتلفزيون" بڵاوت کردەوە، "من ئەو کاتە سەرۆک نووسینی گۆڤارەکە بووم، کە ڕۆمـانەکەم لە نەجیب مەحفووز بەدەست گەیشت، ڕەزامـەندی مامۆستا مـحەمـەد فایقی وەزیری ڕاگەیاندنم بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمـانەکە وەرگرت، من پێشم وتبوو، کەوا ئەو ڕۆمـانە لە ڕۆژنامەی ئەلئەهرام مامۆستا هەیکەل بڵاوی نەکردووەتەوە".

مامۆستا ئەحمـەد بەهائەدین، کە سـەرنووسەری ئەلئـەهرام بوو، ئەویش ڕازی نەبوو من

رۆمانی "الحب تحت المطر" بە زەنجیرە لە رۆژنامەکەیان بڵاو بکەمەوە. دووبارە "تۆ" لە گۆڤاری "الشباب" پاش ئەوەی رەقابە چەند پەرەگرافی بڕی بڵاوت کردەوە. (من ئەو دەمە بەرپرسی نووسینی گۆڤاری "الشباب" بووم، کە لە وەزارەتی لاوان دەردەچوو، رەزامەندیم لە وەزیری لاوان مامۆستا ئەحمەد کەمال ئەبولەجد بۆ وەرگرت، کە وەزیرەکە رۆمانەکەی خوێندبووە، بڕیاری بڵاوکردنەوەی دا، بەویشم وتبوو، کەوا رۆژنامەی ئەلئەهرام بۆ بڵاوکردنەوەی داوای لێبووردنی لە نەجیب مەحفووز کردبوو).

**رۆمانی "الکرنک"م لە نێو رۆمانەکانی ترم شوێنی تایبەتی هەیە**

بۆ بڵاوبوونەوەی رۆمانی "الکرنک" دووچاری سەرئێشەی زۆر هاتم، داوام لە هەیکەل کرد کە لە ئەلئەهرام بۆم بڵاو بکاتەوە، کە رۆمانەکەی خوێندبووە و یەکسەر خۆی گەیاندبووە تۆفیق ئەلحەکیم، گلەیی لەلای ئەو کردبوو، کەوا من هێرشی توندم کردووەتە سەر جەمال عەبدولناسر، لە لای ئەو وتبووی:

**بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەم دەنووسم. من بۆ ئەوە نانووسم جەماوەر لە دەسەڵات یاخی بکەم، من بۆ ئاژاوەنانەوە نانووسم**

تۆفیق سەیرکە نەجیب چی بۆ بڵاوکردنەوە بۆ ناردووم.. تۆ لە شوێنەکەی من بیت، ئەوە قبوڵ دەکەیت .. ئەوەی بۆ بڵاو دەکەیتەوە!؟

رۆمانی "الکرنک"م لە نێو رۆمانەکانی ترم شوێنی تایبەتی هەیە، من لە قاوەخانەی "الریش" دانیشتبووم، لەوێ بیستم، کەوا لە زیندانەکاندا چی لە گیراوە سیاسییەکان دەکەن، لەوێ زانیم .. لەوێ چیرۆک و بەسەرهاتی سەیری گیراوەکانی ناو زیندانەکانیان بۆ گێڕامەوە، بەو بەسەرهاتانە زۆر دڵگران و پەست بووم، لەوێ بڕیارم دا لەسەر ئەو مەسەلەیە بنووسم، زۆر لە نووسەران لە ترسان نەیاندەوێرا توخنی ئەو بابەتە ترسناکە بکەون، من لە خۆمم پرسی، بۆ من لەسەر ئەو بابەتە نەنووسم .؟؟! باشە ئەوە بڕیاریشم دا بنووسم، خۆ من نەگیراوم، بە چاوی خۆم ئەو

مەسەلەیەم نەبینیوە، من هیچ لەسەر ناوەوەی زیندان نازانم، پاشان بڕیارم دا لەسەر یەک کەسی گیراو بنووسم، کە لە نووسینی ڕۆمانەکە بوومەوە، ڕۆمانەکەم دایە دەست "عەبدولحەمید جۆدە ئەلسەحار" تا لە وەشانخانەی (میسر) بۆم چاپ بکات، ئەو دەمانە وابوو، دەبوایە هەموو نووسراوێک پێش چاپکردنی، ڕەقابە نووسینەکەی بدیبایە، ڕەقیبی ئەو دەمانەش "تەلعەت خالید" بوو. بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی پەیوەندیم بە تەلعەت خالیدەوە کرد، کە بابەتەکەی خوێندەوە داوای گۆڕین و لابردنی زۆری کرد، منیش بەناچاری ڕۆژانە گۆڕانەکانم دەکردو بەو شێوەیە هاتە چاپکردن. کە ڕۆمانەکە چاپ کرا و دیتم، بینیم دانەی لای خۆم و ئەو دانە چاپکراوە جیاوازی زۆری هەیە، گلەیی زۆرم لە ئەلسەحار کرد، داوام کرد بڵاوکردنەوەکەی ڕاگرێت، بەڵام ئەو بەوە ڕازیی کردم، ئەگەر بڵاوکردنەوەکەم ڕاگرم، من پارەیەکی زۆر زەرەر دەکەم، من زوو ئەو بنەماڵەیەم دەناسی، ئەوانە لە قازانج و پارە پەیداکردن زرنگن، پارەکەی خۆیان لە هەموو شت لا گرنگترە.

ڕۆمانەکە چاپکرابوو، ئەگەر بڵاو نەکرابایەوە دەبوایە من پارەکەی بۆ بژمێرم، هەموو خەرجێکانی دەکەوتە ئەستۆی من، بۆیە بەناچاری ڕازی بووم بەو شێوە شێواوە ڕۆمانەکە بڵاو بکەمەوە. هەردوو ڕۆمانی "الكرنك و الحب تحت المطر" لە بڵاوکردنەوەکەیان کەموکوڕی زۆریان هەبوو، کە بڵاو دەبوونەوە ڕەواج و زەوقی جارانی نەمابوو، بەداخەوە دەستنووسەکانم نەمابوون تا دووبارە چاپیان بکەمەوە.

حکوومەت لە سەردەمی جەمال عەبدولناسر دڵنیابوو کە من نیازم پاکە، دەیانزانی ڕەخنەکانی من بۆ بنیاتنانەوەیە، بۆ بەرژەوەندی وڵاتەکەم دەنووسم. من بۆ ئەوە نانووسم جەماوەر لە دەسەڵات یاخی بکەم، من بۆ ئاژاوەنانەوە نانووسم، سەرۆک عەبدولناسر ئەو ڕاستییەی باش دەزانی، ئەگەر لەبەر ئەو نەبوایە ئەلموشیر عەبدولحەکیم زۆر لێم تووڕە بووبوو، ئەو ئاوی بە ئاگرەکەی نێوانماندا کرد، کێشەکەی چارەسەر کرد، لە بیرمە جارێکیان کە ڕووبەڕوو سەرۆک جەمال عەبدولناسرم بینی و قسەم لەگەڵی کرد، ئەو جارە بوو کە باڵەخانەی ئەلئەهرام نۆژەن کرابووەوە، هاتە ئەوێندەرێ، من لەگەڵ دەستەیەک لە نووسەران لە ژوورێک دانیشتبووین، ئەو لەگەڵ سەرنووسەر محەمەد هەیکەل گوزەری دەکرد، دانیشتووەکان ئەو نووسەرانە بووین "من و حوسێن فەوزی و سەلاح شاهین و سەلاح تاهیر" بووین، ئەو یەکە یەکە دەستی گوشین، کە گەیشتە لای من بە زەردەخەنەوە وتی:

ها نەجیب لەمێژە هیچی تۆمان نەخوێندووەتەوە...؟! حەسەنێن هەیکەل هاتە وەڵام، وتی:

بەیانی لە ئەلئەهرام چیرۆکێکی ئەو دەردەچێت.

ڕۆژەکە پێنج شەممە بوو، من هەر ڕۆژانی هەینی نووسینم دادەبەزی. هەروەها هەیکەل، لەو دیمانەیەدا وتی:

بەیانی چیرۆکێکی دادەبەزێ، یەکێکە لەو چیرۆکانەی سەری دەخاتە ژان..! یەکسەر جەمال عەبدولناسر وەڵامی دایەوە و وتی:

ئەو تووش نابێت، تۆ تووش دەبیت..!!

لەو قسەیە وا تێگەیشتم کە وا کەس ناتوانێ غەدرم لێ بکات، ئەو هەموو نووسینەکانی منی دیبوو، ئەو لەگەڵ ئازادی نووسین بوو، من کە ڕۆمانی "ثرثرة فوق النيل"، سەروەت ئەبازە کە ڕۆمانی "شيء من الخوف"ی بڵاو کردەوە، ئەو ڕاستەوخۆ پشتی هەردووکمانی گرت.

جێگری وەزیری ڕۆشنبیری عەبدولنعیم ساوی بۆ دژایەتیکردنی سەروەت ئەبازە، پاش بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەی زۆر تێ کۆشیبوو، زوڕنای زۆری بۆ لێ دابوو، تا حکوومەتی لێ ئاگادار بکاتەوە، قسەی زۆریشی بۆ هەڵبەستبوو، بۆ نموونە وتبووی:

ئەبازە لە ڕۆمانەکەدا مەبەستی حکوومەتە، پاڵەوانی ڕۆمانەکەی "عتريس" جەمال عەبدولناسرە، فوئادەکەش مەبەستی وڵاتی میسرە، گوایە وڵاتی میسر لە دەست سەرۆکەکەی جەمال دەناڵێنێت، تا وڵاتەکە ڕزگاری بێت، پێویستە ئەو نەمێنێت، با لە کۆڵ میللەتەکەی ببێتەوە، گرێبەستەکەیان لەگەڵ وڵاتی میسر شەرعی نییە.

بەڵام ئەو جۆرە قسانە کاریگەری لە جەمال عەبدولناسر نەکردبوو، ڕۆمانەکە بڵاو کرایەوە و کرا بە فیلمیش، لە سینەماکانی میسریش نمایش کرا، کە فیلمەکەش نیشان درا، سەرۆک وتبووی:

گەر بەڕاستی من عتريسم، کەواتە ئێمە دزین، واتە ئەو کورسییە شیاوی ئێمە نییە.!!

پاش ئەو قسەیە سەرۆک جێگری وەزیر مات بوو، دەنگی نەما، دەسەڵاتیشی کەم کرایەوە، دیارە ئەو دوو کەسە ناکۆکییان هەبوو، ئەوەش بوو دەیویست سەروەت تووشی چەرمەسەری بکات.

ڕۆمانی "میرامار" بێ دەستکاری و بێ مقەستی ڕەقابە لە ڕۆژنامەی ئەلئەهرام بڵاو کرایەوە، کە کرا بە فیلمیش لە نمایشێکی تایبەتدا، ئەندامانی "الاتحاد الاشتراكي" فیلمەکەیان بینی، پەخشەکەیان لا پەسند نەبوو، بۆیە فیلمەکە ڕاگیرا، خاوەنی

بەرهەمهێنانی فیلمەکە "جمال لەیسی" شێت و هاربوو، دەنگی گەیاندە هەموو لایەک، تا دوا کەس گەیشتە سەرۆک جەمال عەبدولناسر، سەرۆکیش جێگرەکەی "ئەنوەر سادات"ی راسپارد فیلمەکە ببینێت، کە فیلمەکەی بینی، راپۆرتێکی بۆ ئامادە بکات، کە هەواڵەکەمان زانی، هەموومان وتمان، تەواو سەڵاوات لە پەخشی فیلمەکە بخوێنن، تازە تەواو، بەڵام پێشبینییەکەمان بەپێچەوانە دەرچوو، سادات وەک پرۆپاگەندەیەکیش بۆ خۆی نووسیبوی فیلمەکە ئاساییە، داوای کردبوو، بینەران ئازادن لە دیتنی. ئەو هەواڵە منی زۆر ورووژاند، ئێستاش نەمزانی عەبدولناسر لە بڵاوکردنەوە و ئازادکردنی فیلمەکە مەبەستی چی بوو..!! نهێنی ئەوەم نەزانی تا سەرۆک مرد، دوایی زانیمان کەوا سادات بۆ دژایەتی "الاتحاد الاشتراكي" ئەوەی کردووە. کە فیلمەکە بڵاو کرایەوە دەنگی باشی دایەوە، ١٩ هەفتە نمایش کرا. لە فیلمەکەدا هونەرمەند

"یوسف وەهبی" دەوری پیاوێکی بەدکاری دیبوو، بەڵام لەبەر روحسووکی خۆی و خۆشەویستی لە ناو خەڵک دەورەکەی خۆش کردبوو، من دەمویست ئەو دەورەکەی وەک کەسێکی کۆنەپەرست بێت، بەڵام نواندنەکە بەپێچەوانە کەوتەوە.

## رووبەڕووبونەوەم لەگەڵ سەلاح نەسردا

هونەرمەند فەرید شەوقی بیرۆکەی فیلمێکی لەسەر هەواڵگریی میسری پێشکێش دکتۆر سەروەت عەکاشە کردبوو، بۆ ئەوەی هەواڵگری هاوکارییان بکات، لەبەرئەوەی من سیناریۆکەم نووسیبوو، منیان بەو کارە راسپارد، منیش بارەگای هەواڵگریم نەدەناسی، بۆیە بە پرسیار شوێنەکەیان بۆ پێناسە کردم، گەیشتمە شوێنەکە، لە نووسینگەی جێگری سەرۆکی هەواڵگری "تەلعەت خەیری" دانیشتم، لە ژوورەکەی ئەو کەوتینە دەمەتەقێ، پیاوێک لەوێ دانیشتبوو، ئەو خۆی بە من نەناساند، پرسیاری زۆریشی لێ کردم، منی زۆر دەدواند، زۆر لە ناوەرۆکی رۆمانەکەم پرسیاری کرد، ئەو وتی:

من لە پشووی هاویندا رۆمانی "بين القصرين" م خوێندووەتەوە، ئەوەیان زۆر سەرنجی راکێشاوم.! هەروەها وتی، "اولاد حارتنا"م لا باش بوو، لەو رۆمانەدا دیارە تۆ هێرشت کردووەتە سەر ئاین، ئەوەیان دیارە.! بەڵام من دەپرسم ئەوەیان راستە، تۆ ئەوەت مەبەست بووە..!!

دوایی پاش ئەو دەمەتەقێ زۆرە هاتە سەر سیناریۆی فیلمەکە، پاش دانووستان و گفتوگۆ، وتیان:

ئێمە وەک دەزگای هەواڵگری دژی بیرۆکەی فیلمەکە نین، ئامادەین یارمەتیتان بدەین، بەڵام ئەوەیان دیمانەی سەروەت عەکاشەی دەوێت. لەو دیمانەیەدا ئەو قسەیەیان لە دەستی نام، منیش هەستام رۆیشتم. پاش چەند مانگێک کە جەمال عەبدولناسر گەشتێکی بۆ وڵاتانی ئەفریقی کرد، لە لاپەڕەکانی ئەلئەهرام وێنەی سەرۆک جەمال عەبدولناسریان بڵاو کردەوە، لە وێنەکەدا دیاربوو پیاوێک لە پشتەوەی وەستابوو، کە وێنەکەم بینی، بەبیرم هاتەوە ئەو پیاوەم دیوە، دیارە ئەو کەسە بوو من جارەکەی لە ژوورەکەی جێگری سەرۆک هەواڵگری بینیبووم، ئەوە هەبوو، دیارە من دیمانەم لەگەڵ ئەو کەسە بوو، کە لە خاوەنی وێنەکەی پشت سەرۆکم پرسی، وتیان ئەوە سەرۆکی هەواڵگرییە، دیارە من ئەو جارە لەگەڵ سەرۆکی هەواڵگرییەکە قسەم کردبوو، ئەو خودی سەلاح نەسربوو. ئینجا تێ گەیشتم ئەو بۆ ئەوەندە پرسیاری وا وردی لە من دەکرد، بۆ ئەوەندە زۆر منی دەدواند، دیاربوو دیمانەکەمان ئیشی پێشینەی باشی بۆ کرابوو، ئەوان لەو دیمانەدا خۆیان بۆ شرۆڤە و ناساندنی رۆمانی "اولاد حارتنا" ئامادە کردبوو، هاتنەکەی منیان بە هەل زانیبوو، ویستبوویان ناڕاستەوخۆ لەسەر ئەو رۆمانە قسەم لەگەڵ بکەن، چونکە ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی کە من مەبەستم یاخیبوون و شۆڕشە بەڕووی ئەو رژێمە. برادەران زۆربوون ئەوانەی دەیانوت کە ئەزهەر هاتبووە قسەو هەڕەشەی کردبوو، هەمووی بە فیتی هەواڵگری بوو. بەڵام ئەوەی من لێی دڵنیا بووم، من بە بەرنامەو بە پلان رەوانەی هەواڵگری نەکرا بووم. چونکە چاکم دەزانی سەروەت ئەبازە کاری لەو جۆرەی لەگەڵ مندا نەدەکرد. چونکە بۆ دەزگای هەواڵگری ئاسان بوو، کەی و چۆن من راکێشێتە ناو هەواڵگری، ئەگەر مەبەستی لێپرسینەوە، یان هەر کارێکی تریان بە من بوایە. بەڵام من ئێستاش سەرسامم بۆچی سەلاح نەسر خۆی بە من نەناساند..؟؟!

## من و بەیانی ساڵی ١٩٧٣

سەردەم سەرەتای حوکمی ساداتە، من ئەو رۆژانە لە هەموو کاتێکی تر لەگەڵ حکوومەت وەزعم خراپ بوو، کێشەم زۆر بوو. ئەو تەنگژەیەش پاش ئەوە هات کە ئەو بەیانەی تۆفیق ئەلحەکیم نووسیبووی منیش ئیمزام کرد، هەر من نەبووم، زۆر لە ئەدیبەکانی ئەو رۆژە ئەو بەیانەیان ئیمزا کردبوو، لە بەیانەکەدا هاتبوو:

بەسە حاڵەتی نەشەڕ نە ئاشتی لە ناو میسر.

وابزانم ئەگەر هەڵە نەبم، لە شوباتی ساڵی ١٩٧٣ بوو بریار درابوو، هەموو ئەوانەی

بەیانەکەیان ئیمزا کردبوو، بڵاوکردنەوەیان لێ قەدەغە بکرێت، بەڵام ناوی من و تۆفیق ئەلحەکیم لە ناو ناوەکاندا نەبوو، قەدەغەکردنەکە ناوی ئێمەی تێدا نەبوو، بەڵام نووسینەکانمان قەدەغەیان کەوتبووە سەر، لە رۆژنامەی ئەلئەهرام بڵاوبوونەوەم لەسەر راگیرا، بۆمان نەبوو، بۆ تەلەڤزیۆن و رادیۆکان هەڤپەیڤین بکەین، بارەکە گران لەسەر من وەستا، ئەو فیلمانەی لە نووسینی من بوون، پەخش و نمایشیان راگیرا، قەدەغەکردنەکان ئەو بەرهەمانەشی گرتبووەوە کە من هاوکار بووم لە ئامادەکردنی سیناریۆکانی.

ژان و برینی هێرشەکانی ئەو دوو برادەرەم لە بیر ناچێتەوە، ئەوانە کاریگەریی زۆریان لەسەر من هەبوو، ئەوانیش، حەسەن ئیمام عومەر وسالح جەودەت، یەکەمیان بەنێوانی دەرهێنەری سینەمایی ئەحمەد بەدرخان دۆستایەتیمان پەیدا کردبوو، ئەوەندە برادەر بووین شەوچەرەکانمان تا بەرەبەری بەیانیانی دەکێشا، سالح جەودەتیش لە گەشتەکەم بۆ وڵاتی یەمەن ناسیم، من و ئەو لەو سەفەرەدا لە ناو پاپۆڕەکە لەناو یەک ژووردا بووین، لە چووندا هەفتەیەکمان پێ چوو، کە گەڕانەوەش هەفتەیەکمان پێ چوو، هەر بەیەکەوە بووین. ئەو لە سەردەمی جەمال عەبدولناسردا دوور خرابووەوە، بوارەکانی بڵاوبوونەوە و دەرکەوتنی لە تەلەڤزیۆن و رادیۆیەکان و لە هەموو رۆژنامەکانیش لەسەر داخرابوو، حکوومەت زۆر لێی تووڕە بووبوو، زۆربوون ئەوانەی لێی تووڕە بووبوون، کەم کەس هاموشۆیان دەکرد، بەڵام من ناوم دەهێنا و گوێم نەدەدایە ئەوەی کەوا حکوومەت بایەکۆتی کردووە، ئەو دەیزانی من بە چاکە ناوی دەبەم، بۆیە ئەویش تەلەفۆنی بۆ دەکردم و سوپاسی هەڵوێستەکەی دەکردم. من بۆیەش زۆرتر لەو دوو برادەرە تووڕە بووبووم، ئەوانە نووسەرو توێژەری سیاسی نەبوون، بۆ ئێمە قەڵەمیان لە نووسینی سیاسی دژ بە ئێمە کەوتبوونە نووسینی وتاری سیاسی، حەسەن ئیمام خۆی رەخنەگری سینەمایی بوو، ئەوەی تریان شاعیر و ئەدیب بوو، ئەوەی جێگەی سەرسڕمان بوو سالح جەودەت. زووتر تەلەفۆنی بۆ تۆفیق ئەلحەکیم کردبوو، گلەییشی لێ کردبوو، کەوا ئەو ئاگادار نەکراوەتەوە بۆ ئیمزاکردنی بەیانەکەی ئەو، وەک چۆن ئەلحەکیم وتبووی بۆیەش ئەویان ئەوەندە تووڕە بووبوو، چونکە بۆ ئیمزاکردنەکە ئێمە پرسمان پێی نەکردبوو.

کە بەیانە بەناوبانگەکە دەرچوو، من و تۆفیق ئەلحەکیم و سەروەت ئەبازە لەلایەن دکتۆر عەبدولقادر حاتەم بانگ کراین، بەیەکەوە دانیشتین، بەتوندی قسەمان لەگەڵ یەکدا کرد، ئەو گازاندەی ئەوەی دەکرد، کەوا ئێمە لەگەڵ شیوعییەکان ئەو بەیانەمان ئیمزا کردووە، ئەوانە لە سەفارەتی سۆڤیەت لە قاهیرە مانگانەیان هەیە، هەروەها وتبووی، رۆژنامە

لوبنانیەكـان دانەیەكی بەیانەكەیان گـەیشـتووەتە دەسـت، وا لەبەر رۆشنایی ئـەو بەیانەوە هێرش دەكەنە سـەر سـەرۆك سـادات، رژێمەكەمان سەركۆنە دەكەن. لەو دیمـانەیەدا ئێمەش داكۆكی رەوامـان لە خۆمـان و لە بەیانەكە كرد، پێمـان راگەیاند كـەوا مەبەسـتی ئێمە تـەنیا خۆشەویستییە بۆ وڵاتەكەمان، ئێمە لە دڵسۆزییەوە ئەوەمان كردووە، ئەوەمان بۆ پاراستنی كەرامەتی نەتەوەی عەرەبە و بەس.!

ئەو تەنگژەیە لە ٤ ی شوبـاتی سـاڵی ١٩٧٣ وە تا ٢٨ ی ئەیلول درێژی كێشا، ئەو رۆژەش سـاڵیـادی كـۆچی دوایی سـەرۆك جـەمـال عـەبدولنـاسـر بوو. لەو رۆژەدا سـەرۆك سـادات لێبووردنی بۆ نووسـەرەكان دەركرد، پاش ئەو لێبووردنە چاویشی بە ئەلحەكیم كـەوتبـوو، ئەویش لەلای سـادات بەرگریی لە من كردبوو، لەلای سەرۆك وتبـووی، ئێمـە بەیانەكەمـان لە دڵسۆزییەوە بوو، مەبەسـتمـان نیازپاكی بووە، هـەر لـەو دانیشتنـەشدا پاكانـەی بۆ سەروەت ئەبازە كردبوو، بەڵام كە ناوی سەروەت ئەبازە لای سـەرۆك سادات هاتبوو، تووڕە بووبوو بە پاكـانەكـە دڵی سـارد نەبووبـووەوە. پاش ئەو دیمانەیە زۆری نـەخـایاند هـەردووكیـان بوونە دۆسـتی سـادات، وەك ئەندامی چڤـاتی شـوورا هەڵبـژێردران. سـەروەت بووە سـەرنووسـەری گـۆڤـاری "الاذاعـةو التلفـزیون". وەك سـەرنووسـەر مـایەوە تا لـەو گـۆڤـارەدا لـە وتارە بەناوبانگەكەی (في اي شيء صدق ، راستـی لە چی دایە) هێرشی توندی كردبـووە سـەر سادات و عەبدولناسر، بۆیەش لە سەرنووسەری گۆڤارەكە لابرا، گواسترایەوە بۆ رۆژنامەی ئەلئەهرام، ئەوەش بۆ ئەوەبوو تا لەگەڵ ناسرییەكان ناكۆكی روو نەدات.

## زیندانكردنی هـزر

ئێـسـتـا دڵشـادم ئـەوەی ویسـتم، ئـەوەی ئاسـوودەم دەكـات بـاسم كـرد، ئازادانـە باسی بۆچوونەكـانم كـرد، ئەوەی لەسـەردەمی حوكـمی عـەبدولنـاسـر نەمـاندەتوانی راسـتـەوخـۆ بیدركێنین، بە هیمـاو بە ئیشـارەت ئاماژەمـان پێ دەدا، وا لێرە هەمـووم وت. هونەرمـەند ئەگەر بیـەوێت، دەتوانێ بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ شتەكان بدركێنێت. من دژی كـارەكانی هەواڵگری بووم، بە چیـرۆكی فـەنتـازیاو تەنز و گـاڵتـەجـاڕی زۆر لایەنمان دەدركـاند. لە سەردەمی عەبدولناسـر زۆرمان نووسی كەوا هونەر گەشەی كردووە، نووسیمان بۆ نووسین پەراوێزی ئازاد هەیە، ئێمەش لەو پەراوێزەدا قسـەی خۆمان زۆر كرد، لەبەر سێبـەرەكەشی هەناسـەمان هـەڵكێشا، ئەگەر وا نەبوایە ئەگەری سـەرهـەڵدانی یاخیبوون و كۆدەتا دەبوو.

د. عائشە عەبدولڕەحمان بۆی گێڕامەوە و وتی:

کـه ڕۆمـانـی "اولاد حـارتنا" دەرچوو من خـوێندکـار بووم، لـه وڵاتـی مـەغریب بووم، لەوێ وتیان کەوا حکوومەت لەسەر نووسینی ئەو ڕۆمانە تۆیان گرتووە، کە هەواڵەکە بڵاو کرایەوە خوێندکاران ڕژانە سەر شەقامەکان، نارەزایی هاتە کایەوە، بەڵام پاشان روون بووەوە کەوا گـرتنەکەت پـرۆپاگەندە بـوو، درۆ بوو. تۆ نەگـیرابوویت، حکوومـەت ئـەوەی چاک دەزانی بە گـیرانم کـێشـەیەکیـان بۆ دروست دەبێت، بـە ئازادیم بۆ هونەرو ڕۆشنبـیـری لە ناو وڵاتدا کـڵاوڕۆژنەیەک کراوەتـەوە، بۆیەش من دەسـتم کراوە بوو، ڕەخـنەی توندم دژ بە حکوومـەت دەنووسی، هەر ئەو ڕەوشـە بوو بوار درا شانۆنامـەکەی عەبدولڕەحمـان شەرقـاوی بە ناوی "الفتی مـهران" نمایش بکرێت، ئەو شـانۆگەرییە بەئاشکرا دژی شـەڕەکەی میـسر بوو لە وڵاتی یەمەن.

ئەگەرچی پەراوێزێکیش بۆ ئازادی هەبوو، بەڵام دەنگیش کپ دەکرا، نووسینی بە ڕەمز و تەمومـژاویش دەنووسـرا، سـووڕانەوە لە مـەبەست و بادانەوە لە ئامانج بەدی دەکرا، بواری ڕاستـەوخۆی بیرو هزی ئازاد نەبوو، دەرچوون لەو سنوورانە مـەچەکی ئاسنی لەگەڵ بـەکار دەهات. حکوومــەت بواری ڕۆشنفکرەکـانی نـەدەدا ئازادانە شـرۆڤــەی پێـویست بکـەن، نەدەبوایە بەئاشکرا باسـی مـەسـەلەی هـەستـیـار بکرێت. کـە دکـتـۆر لویس عـەوەز بیـری نەتەوایەتی عـەرەبـی لە کۆلیژی ئاداب باس کردبوو، لە کۆرسی زانکۆ و لە مامۆستـایەتی نەمـا، خـرایە زیندانـی "الواحـات" ئـەوەش چارەنووسی ڕوشنفـیکرێک بـوو کـە لە بـازنەی ڕاکێشراوی حکوومەت دەرچووبوایە.

## نەجیب مەحفووز و ڕۆمانی "اولاد حارتنا"

پاش پێنج سـاڵ دابڕان و پـاش شـۆڕشی یولیـۆی سـاڵی ١٩٥٢ ڕۆمـانـی "اولاد حـارتنا"م نووسی، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٢ تا ١٩٥٧ ژیانم ناخۆش بوو، پەشـۆکاو و دەروون تەنگ لە ناو گرفتی زۆرەوە ڕۆژگارم بەڕێ دەکرد، نازانم بۆ ئەو ماوەیە ژیانم تاریک و ئاڵۆز بووبوو، بۆ وام لێ هاتبوو، لە نووسین دابڕابووم، هەندێ لە برادەرەکان ڕایان وابوو، کەوا نووسینی "ثلاثیة"ە کەم شەکەت و ماندووی کردووم، منی زۆر گووشیبوو، تاقەتم نـەمابوو، بەڕاستـی چوار ســاڵ خــەریکی بووم، هـەر لە ســاڵی ١٩٤٨ تـا ١٩٥٢ خــەریکی بـووم، یان ڕەنگە هەڵگیرسانی شـۆڕشی یولیـۆی سـاڵی ١٩٥٢ ئارەزووی نووسـینـی کوشـتم، چونکە من بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی وڵاتی میسرم دەنووسی، کە شۆڕشەکە بوو، وامزانی هەمـوو شتەکان تەواو، هیواو ئامانجـەکانم هاتە دی، مەبەستە دێرینەکانمی بەتەواوی پێکا، وتم تازە کۆمەڵ

نووسـینەکـانی منی بۆ چییـە، وەنەبێ بیـرو هێـڵی نووسـینی ڕۆمـانی تازەم لە هزردا نەبووبێت، ئەو ماوەیە حـەوت پرۆژەم هەبوو. پرۆژەیەکـیان ڕۆمـانێک بوو بە نـاوی "العتبـە الخضراء"، بیرۆکەکەم بۆ "عەبدولڕحمان ئەلشەرقاوی" گێڕایەوە، بە بیرۆکەکە زۆر سەرسام بوو. وتی منیش لەمێژە بیرۆکەی وام لە خەیاڵە، ئەوەیان شتێکی پیرۆزە. بەڵام دوایی ئیشم تێدا نەکرد دواکـەوت، پاشـان ون بـوو، هەر ئەو سـەردەمـە بوو وامـدەزانـی، تازە من تەواو، وشک بووم هیـچم لە بار نەما، بەناچاری خـۆم گەیانـدە سـەندیکای هونەرمـەندان و ناوی خۆم وەک سیناریستێک تۆمار کرد، وەک سیناریستێک ماوەیەک لەگەڵ هونەرمەند "سەلاح ئەبو سـەیف" کـارم کرد، چەند سـیناریۆم بۆیان نووسی، هەر ئەو دەمـانەبوو نیـازم بوو ژن بهێنم، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٤ ژنم هێنا، دیارە کە پیاوی خاوەن ژن و ماڵ پێویستی بە پارە و خـەرجی دەبێت، لێـپرسینـەوەم لەسـەر دەبێت، بۆیە لە نووسـینی سـیناریۆ دوودڵ نەبووم، ئەوەش بۆ مـن خـێـری هـەبوو، پـارەشم دەهـاتە دەست ئەو مـاوەیە لـە هـەمـوو ژیانم ئەوەندەم پارە نەبووە.

لە سـاڵی ١٩٥٧ هەسـتم کـرد خورپەیەک شـتێکی نائاسـایی لە هەنـاومـدا دەسـووڕێت، ئەوەیان بـە دەسـتی خـۆم نەبوو، دووبارە گـەڕامـەوە سـەر نـووسـینی ئەدەب، بـەو بڕیارەش دڵشـادبووم، دەستم دایەوە قـەڵەم و کاغەزی سپیم لە پێش خۆم دۆزییـەوە، وتم ئەوە منم وا دووبارە خەریکی نووسینی کاری ئەدەبیم، ئەوە منم بە دڵشـادییەوە کار دەکەم..! بەدەستی خۆم نەبوو دووبارە دەستم دایەوە نووسین، ئەمـجارە لە ئاین و فـەلسـەفـە و تەسـەوف نزیک کـەوتمەوە، خـۆم لەو بازنەیەدا دۆزییـەوە، لە نـاکـاو بیـرۆکـەی "اولاد حـارتنا" لە لام سـەری هەڵدا، من وامـدەزانی لە نـووسین وشکـم کـردووە، بـەڵام وا نـەبوو. ڕەخـنەگـرەکـان وتیـان ڕەهەنـدو شـێـوازی ئەو بـەرهـەمـە لەوانی ترت جـیـاوازە، لەوانـی تر ناکـەن، ئەوەیان لە کـێشـەیەکی کـۆمـەڵایەتیـیەوە نـزیکە، نیگایەکی کـەونیـیـە بۆ مرۆڤـایەتی، گـوایە دوورم لە کێشەکانی ڕاستـەوخۆی ناو کۆمەڵ، بەڵام لە ڕاسـتیدا وا نەبوو، دیارە کێشە و گرفتـەکان لەبەر زۆرییان بەرگی تریان پۆشیبوو.

یەکـەمـجـار ڕۆمـانی "اولاد حـارتنا" م بە زنجـیـرە لە ڕۆژنامـەی "ئەلئـەهرام" بڵاو کردەوە، بڵاوکردنەوەکەش وا ڕێکەوت، چونکە من لەگەڵ ئەوەدا نەبووم، ڕۆمان بە زنجیرە لە ڕۆژنامـە بڵاو بکەمـەوە. لە ساڵی ١٩٥٧ کـە خەڵاتی دەوڵـەتم وەرگرت، هـەر منیش نەبووم ئەو خـەڵاتەم وەرگرتبێت، لە سـاڵی ١٩٥٨ دکتۆر محەمەد کامل حوسێنیش لەسەر ڕۆمانی

(قرية ظالمة) ئەو خەڵاتەی وەرگرتبوو، خەڵاتەکە کۆنە، پارەکەی ٢٠٠٠ جنێە بوو، بەڵام من خێرم لە پارەکە نەدیت، گوایە پارەکەم بە ڤیلەیەک دابوو، بەڵام کڕینی موڵکەکە سەراب بوو، فێڵ بوو، پارەکەم ئاو و ئاو چوو.

بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتەکەی دەوڵەت ئیحسان عەبدولقەدوس لە خانووە کۆنەکەی لە شەقامی "قصر العینی" خوانێکی بۆ ریکخستین. بۆ داوەتەکە گەورە نووسەران و رۆژنامەنووسانی ناوداری میسری بانگ کردبوو، وەک کەمال شناوی، ئیحسان عەبدولقەدوس دۆستایەتیمان کۆن بوو، هاتوچۆی خێزانیمان هەبوو، لە شەقامی "رضوان" دراوسێ بووین، دۆستایەتیمان گەرم بوو، پێش ئەوەی من ئەو بناسم، من کوڕە پوورێکی ئەوم ناسیبوو. لەو ئاهەنگەدا بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی "ئەلئەهرام" مامۆستا عەلی حەمدی ئەلجەمال هاتە تەنیشتم، لەوێ پێی وتم، من لە جیاتی مامۆستا محەمەد حەسەنێن هەیکەلی سەرنووسەرمان قسەت لەگەڵ دەکەم، ئەو بە منی وتووە، لە جیاتی من قسەی لەگەڵ بکە، رۆژنامەکەمان ئامادەیە ئەگەر نەجیب مەحفووز رۆمانێکی نوێی هەیە، ئێمە رۆمانەکەی بە زنجیرە بۆ بڵاو دەکەینەوە، منیش هەر لەوێ وەعدم پێی دا، پێم وت، هەر کاتێ ئەگەر رۆمانیکی نوێم نووسی، بە شادییەوە پێشکێشی رۆژنامەکەتانی دەکەم، بەڵام بەداخەوە هیچی ئامادەم نییە، بۆیە کە رۆمانی "اولاد حارتنا"م تەواوکرد، کە یەک ساڵی تەمەنی نەجیبی خایاند، لە مانگی ئوکتۆبەر دەستم پێ کرد لە ئەپریل تەواوم کرد. کە تەواوبوو بەبیرم هاتەوە من وەعدم بە مامۆستا عەلی حەمدی ئەلجەمال داوە، بۆ ئەلئەهرام وەعدم داوە، بۆیە یەکسەر تەلەفۆنم بۆ مامۆستا کرد، لەسەر شوێنی دیمانەکە رێککەوتین، خێرا خۆم گەیاندە شوێنەکە. نووسراوی رۆمانەکەم لەگەڵ خۆم برد، ئەویش رۆمانەکەی برد، کە خوێندبوویەوە زۆری لا باش بوو، بە هزرەکەی سەرسام بووبوو، بڕیاری بڵاوکردنەوەیان دابوو. ئەو مەسەلەکەی بە سادەیی وەرگرتبوو، وای تێگەیشتبوو من

بەسادەیی باسی ئەو گەڕەکە میللییەم کردووە، لەوەش نەترسابوو، خۆ ئەگەر مەلاکان و زانایانی ئاینی دژی منیش فەتوایان دەرکرد، ئەوە ماوەیەکە و تەواو دەبێت.

## فەتوا و هەڕەشەکان

بەبڵاوبوونەوەی ژمارە سەرەتاکانی زەنجیرەی رۆمانەکەم لە رۆژنامەی ئەلئەهرام، هیچ نەبوو، بێدەنگ رۆیشت، کەس دەنگی لێوە نەهات، لە راستیدا لەو بەشانەی بڵاوبوونەوە هیچی وای تێدا نەبوو، تا رۆژێکیان لە رۆژنامەی "الجمهورية" دا وتارێک وەک سەرەداوی

مـەسـەلەكـە بڵاو كـرايـەوە، لەو وتارەدا نووسـرابـوو گـوايە رۆمـانەكـەم بەخـراپە بـاسـی پێـغـەمـبـەران دەكـات. پاش ئەو وتارە چەندین نووسین و وتاری توند سـەریان هـەڵدا، بەداخـەوە ئەدیبـەكان توندتر بوون، ئـەوان زۆرتر رەخنەیان هەبوو، پاش ئەو وتارانە نامـە و گلەیی بڵاو كـرانەوە، قـۆناغی تر هاتنە پێشـەوە لە دەرگـای دادگـایان دا، ئەزهـەریان تێ گـەیاند، هـەڕەشـەو گـازاندەكان گـەیشـتـە سـەرۆكـایەتی كـۆمـار، هـەمـوو لایەک سـوور بوون لەسـەر راگرتنـی زەنجیـرە رۆمانەكـەی ئەلئـەهرام، هەمـوو هاواریان لێ هـەڵدەسـتـا، نابێ رۆمانەكە هەموو بەشەكانی بڵاو ببێتەوە، هەموو سووربوون لەسـەر دادگاییكردنم، زانكۆی ئەزهەریان حـاڵی كرد كەوا من بێ پێچ وپەنا دژایەتی پێغـەمبـەرم كردووە، نووسـینەكانم ئیلحادێكی رووتە، گومانی تێدا نییە كەوا كەسایەتییەكانی ناو رۆمانەكە هاوشێوە كراوە بە كەسایەتی پێغەمبەر. هاوڕێم مستەفا حەبیب كە سكرتێری شێخی ئەزهەر بوو، هاتە لام تێی گـەیاندم، كـەوا هـەڕەشـە و سكاڵای زۆرت لـەسـەر كـراوە، براكـەشی جـێگری دادگـای گشتی بوو، ئەویش وتی، سكاڵاكان زۆریان بە ئیمزاو ناوی ئەدیبەكانەوەن.!

لەبـەرئەوەی زاناكـانی ئەزهـەر لە ژیانیـاندا رۆمـانێكیـان نەخـوێندبووەوە، بۆیە زوو هەڵخەڵەتان، لێكدانەوەی دژ بە ئیسـلام و پێغەمـبەریان بۆ دۆزییـەوە، بەڵام ئەوەی باش بوو، من سەرنووسەرەكەی "محەمەد حەسەنێن هەیكەل" م لە پشت بوو، پشتم بەو ئەستوور بوو، ئەگەر ئەو نەبوایە بەشـەكانی تری رۆمانەكە رادەگیرا. كە هـەمـوو بەشـەكانی رۆمـانەكە لە ئەهرامدا بڵاو كرانەوە، دكتۆر حـەسـەن سـەبری ئەلخـولی نوێنەری تایبەتی سـەرۆک جەمـال عـەبدولناسـر منی بینی، زۆر بەرێزەوە قسـەی لەگەڵ كـردم، بەڵام ئێـمـە زووتر یەكـتـرمـان دەناسی، بەیەكەوە زووتر لە دەزگای رەقابە كارمان كردبوو، من لە بواری رەقابەی هونەری كارم دەكرد. لە دیمانەكەم لەگەڵ دكتۆر ئەلخولی وتی:

ئەگەر رۆمـانەكەت وەک كتێب لە وڵاتی میـسـر بڵاو بكرێتـەوە لە ناو وڵاتدا كێشـەمـان بۆ دروست دەكات، لـەگەڵ ئەزهـەر دەكەوینە كێشـە، بۆیە پێشنیـار دەكەم، تۆ ئەو رۆمـانە لە دەرەوەی وڵات بڵاو بكەرەوە، باشـترە لە دەرەوە بێت، ئارامتر شتـەكە دەڕوات. بەو شێوەیە ژانەسـەرمـان بـۆ پەیدا نابێت. هەروەها دەتوانم لەگـەڵ شـێـخـەكـانی ئەزهەردا دیدارێكت لەگەڵیـان بۆ سازبكەم، لەو دیمانەیەدا دەتوانی قسەی خـۆت بكەیت، ئەگەر ویستت بەرگری لە هـەڵوێسـتـەكـانی خـۆت بكە. منیش ئەو بیـرۆكەیەم پـێ خـۆش بوو، رۆژ و كـاتمان بۆ ئەو دیمانـەیە دانا، لە كـات و لـە شـوێنی دیاریكراودا چووم، زۆر لە نووسـینگەكـەی دكـتـۆر چاوەڕێمـان كرد، تا ئێسـتـاش كـەسیـان نەهات. كە نەهاتن دكتـۆر منی بەرێ كـرد، منی

ناردەوە مـاڵەوە، پێی وتم ئەگـەر هـاتن من ئاگـادارت دەکـەمـەوە، ئەوە ٣٥ سـاڵە و هەر چاوەڕوانم.!

لە چڤاتی بەرزی رۆشنبیری دانیشتنێک هەبوو، بەرێکەوت من کەوتمە تەنیشت شێخی ئەزهەر، لەوێ دیدارمان بوو، ئەو دۆستانە و هێمنانە قسەی لەگەڵ کردم، لە قسەکانیدا لە باسکردنی رۆمانی "اولاد حارتنا" دوور دەکەوتەوە، وەک ئەوەی مەسەلەکە بەردێکی لە سەر دانرابێت، کەسیان ئاماژەیان بەو مەسەلەیە نەکرد، ئەو کێشەیە و ناوهێنانم کپ بوو، ناوم نەدەهات تا خەڵاتی نۆبڵم وەرگرت، ئینجا هەموو لایەک دەمیان لێم کردەوە، دیارە کەوا ناوی رۆمانەکە لە رێزی ناوی ئەو بەرهەمانە بوو کە خەڵاتەکەم لەسەری وەرگرتبوو.

رۆمانی "اولاد حارتنا" چەندین تەفسیرو شرۆڤەی بۆ دەکرا، بەڵام ئەوان تەنها رووە ئاینێکەیان دەبینی. لە رۆمانی "ثرثرة فوق النيل" دا من باسی کێشەی نێوان دەسەڵات و رۆشنبیرانم کردووە، ئەوان بۆ لایەنی تریان دەبردەوە. گوایە من لەو رۆمانەدا باسی کەونم کردووە، دیارە کەوا دەکرێ ناوەرۆکی هەموو رۆمانێک دەکرێ بە چەندین رووەوە بەدەر بکەوێ، لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت. کە رۆمانەکە وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی ئەوانیش خۆیان لە ناو رووداوەکانی رۆمانەکە دەدۆزییەوە، من باسی گرفتی ناوخۆم کردبوو، لە دەرەوە ئەوان خۆیان لەناودا دەبینی.

وا لەو شوێنەدا ئەوە بۆ تۆ ئاشکرا دەکەم، کەوا بەرهەمەکانی من کە پێشکێشی خەڵاتی نۆبڵ کران، لەلایەن زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرەوە بووە، هەر ئەوانیش پێوەندییان بە دەزگاکانی وەرگێڕانی بەرهەمەکان کردبوو، بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیش لەلایەن هەمان زانکۆ پێشکێش بە سازکارانی خەڵاتەکە کراوە.

دڵنیام کەوا رۆمان تەفسیری زۆری بۆ دەکرێت، هەر کەسێک بە چاوێک سەیری دەکات، بۆ نموونە رەخنەگرو ئەدیبێکی لاو وا بزانم لە نیوزیوک کاری دەکرد، نامەیەکی بۆ ناردبووم، لە نامەکەیدا نووسیبووی کە رۆمانی "اولاد حارتنا" ی تازە وەرگێڕدراوم بە زمانی ئینگلیزی خوێندەوە، زۆر دیمەنی مرۆڤایەتی جوانم تێدا دۆزییەوە، دەروون و گۆمی مەندی هەژاندم، بەو رۆمانە ئارەزووم کەوتە سەر نووسین، هەر بە جۆشی رۆمانەکەی تۆ دوو رۆمانم نووسی، هەردوو رۆمانەکە وا لە ژێر چاپدان، کە دوو رۆمانەکەم دەرچوو، لەهەر یەکێکیان دانەیەکت بە پۆست بۆ رەوانە دەکەم. هاوپێچی نامەکەی بابەتێکی لەسەر رۆمانەکە نووسیبوو، نووسینەکەی بۆ رەوانە کردبووم.

## وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ و ناحەزەکانی

کە خەڵاتی نۆبڵم وەرگرت، مامۆستا "ئەنوەر ئەلجندی"، وا بزانم لە گۆڤاری "الاعتصام" وتارێکی هەڕەشە ئامێزی توندی دژم نووسیبوو، منی بە کافرو لادەر ناو بردبوو، بە ئیلحاد تاوانباری کردبووم. ئەو چیرۆکنووسەکانی بە نۆکەری ئیستعمارو دژ بە ئاینی ئیسلامی دەزانی. پاش ئەو شێخ عومەر عەبدولڕەحمن وتارێکی لە ڕۆژنامەی "الانباء"ی کوێتی نووسیبوو:

ئەگەر نەجیب مەحفووز پاش ئەوەی کە ڕۆمانی "اولاد حارتنا"ی نووسی کوژرابوایە، ئەوە ئیمڕۆ کەسێکی وەک (سەلمان روشدی) یش پەیدا نەدەبوو.

کە وتارەکەم بینی بەپەرۆشەوە خوێندمەوە، پۆلیس تەنگاو بوون، زەنگی ترسیان بۆ لێدام، داوایان کرد بوارێک بڕەخسێنم سەرم بدەن، منیش بە خۆشحاڵییەوە پێشوازیم کردن، کە هاتن زانیم ،، چییان دەوێت ...!! وتیان تۆ لەمەودوا دەبێ پاسەوان و چاودێرت هەبێ، دەبێ لەمەودوا زۆر ئاگاداری خۆت بیت، وتیان ئێمە چاک دەزانین شێخ عومەر عەبدولرحمن

بەنیازی بەکوشتندانی تۆ ئەوەی نەنووسیوە. بەڵام وریایی باشە، دەترسێن هاوسۆزێکی ئەو، یەکێک وتارەکەی ئەوی خوێندبێتەوە و کاریگەری لەسەر کردبێت، دەستت لێ بوەشێنێت.

بەڵام من پاسەوان و چاودێریم نەویست، باش دەمزانی پاسەوانەکان زۆرتر تەنگم پێ هەڵدەچنن، ئازادییەکانم دەگیرێت، بۆ نموونە ئەگەر بچمە "الحرافیش" دەبێ پاسەوانەکەم لەگەڵمدا بێت، دەبێ دوو بەدووم بێت، لە نزیکمەوە دانیشێت، من هەست دەکەم ئەوەی سێبەری هەبێت، ژیانی ناخۆش دەبێت. من ئەوەم لە بیرمابوو کە (سەروەت ئەبازە) پاسەوانی هەبوو، بەردەوام نیگەران بوو، کە بەسەردان لە ئەسکندرییە دەبوو، دەبوایە پاسەوانی لەگەڵ بوایە، بەناچاری ئەویش لەگەڵمان دادەنیشت، بۆیە هەموومان قڕو کپ دەبووین، بۆیە سەروەتی بەستەزمان دەرچوون و سەردانەکانی لە خۆی حەرام کرد.!

منیش بێ بیرکردنەوە یەکسەر بە پۆلیسم وت:

ئەگەر پاسەوانم لەدووبێت، بڕوابکەن ئەو من دەکوژێت ..! بڕوا بکە بەو قسەیەم سەرسام مەبە .! چونکە ئەو کە بەردەوام لەگەڵم بوو، ماندوو دەبێت، تاقەتی دەچێت، ئەوەی لەگەڵ من بژیت، ژیانی زەحمەت دەبێت، پاسەوانەکە تا خۆی ئیسراحەت بکات، تا لەکۆڵ من

ببێتەوە، هەر خۆی دەمکوژێت. پۆلیسەکە بەپێکەنینەوە داوای لێبووردنی کردو ڕۆیشت، من چەکدارو پاسەوانم نەویست.

دەمزانی پاسەوانیش هیچی پێ ناکرێت، ئەو لە کاتی تەنگانەدا دەستی پێ ناکرێتەوە، چونکە لەبیرمانە کە "نقراش پاشا" کوژرا، لە ناو باڵەخانەی وەزارەتی ناوخۆ بوو، لە نێوان دوو ریزە سەربازدا بوو کە کوشتیان، ئەنوەر سادات لە ناو لەشکرێک سەربازو لە گەرمەی ئاهەنگی سەربازییدا بوو کە کوشتیان، بۆیە من پاسەوانم لا پەسند نەبوو، زانیم ئەوەیان ژیانم ئاڵۆز و مەترسیدارتر دەکات.

پاش چەند ڕۆژێک دەگەڕامەوە ماڵەوە، لە پێش دەروازەی باڵەخانەکەم سەربازێکی پۆلیسم بینی، تێ گەیشتم لەبەر من لەوێ ڕاوەستاوە، بەڵام من مەسەلەکەم بەهەند وەرنەگرت، کە چوومە ژوورەوە ژنەکەم وتی، ئەو سەبازە لەبەر خاتری تۆ لە دەروازەی باڵەخانەکەمان وەستاوە، لە دەرگای ئێمەی دا و بە منی ڕاگەیاند کە وا ڕاسپێردراوم دوور بە دووری پاسەوانی مامۆستا نەجیب بکەم. کە زانیم ئەو لەبەر من هاتووە، تەلەفۆنم بۆ ئەو ئەفسەرە کرد، کە یەکەمجار پێشنیارەکەی بۆ کردبووم، تێم گەیاند من پاسەوان و سەربازم ناوێت، با لە دەرگام نەوەستێت، با لەوێ نەمێنێت.

لە سۆنگەی ڕۆمانی "اولاد حارتنا" بێجگە لە فەتواکانی ئەزهەر و بانگەوازەکانی پیاوانی ئاینی و چڤاتە ئیسلامییەکان و چەندین نامەو پەیامی پڕ هەڕەشەو جنێوم پێ دەگەیشت، زۆریش چاوم لێ سوور کرایەوە. جاروباریش بۆنی خوێن و کوشتنیشم دەکرد. کە ڕۆمانی "السراب" م نووسی دووبارە کێشەیەکم بۆ دروست کرا، پیاوێکی قاوەخانەکەمان پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بە خۆی تێ گەیشتبوو، ئەو پیاوەی ناو ڕۆمانەکە کە پیاوەتی نەمابوو بە خۆی تێگەیشتبوو، هەڕەشەکانی بۆ سەر من گەیشتە سەر کوشتنم، بەناچاری پێوەندیم پێوە کرد، من بە هیچ شێوەیەک مەبەستم ئەو نەبووە، با بە قسەی خەڵک فریو نەخوات، خۆت بە وردی ڕۆمانەکە بخوێنەوە، چاک کەسایەتی ڕۆمانەکە بناسە، بۆیە وتی، من ڕۆمانەکەم نەخوێندووەتەوە، وتیان وا نووسراوە، گوایە تۆ مەبەستت منە، کەوا من پیاوەتیم نەماوە.